# دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان"، لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نییە

## وەلامێك بە چاودێر

### بەشی یەکەم

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

وەڵامی من بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك کە لە ه فتەنامەی چاودێردا ژمارە 78دا بڵاوبوبوەوەو هەروەها باسێك کە من لەپەیوەند بە سیاسەتی تەعریبو" عەرەبە هێنراوەکانەوە کردبووم، کە دیسان لە هەواڵەکەی چاودێردا هاتبوو، بۆتە مایەی ئەوەی کە کاك ئازاد عەلی تا ئێستا سێ بەش لەسەر وتارەکە بنوسێتو پاریزگارییەکی توند لە راست بوونی هەواڵێکی چاودیر بکات. بەلأم لەسێ بەشەدا نوسەر چۆتە سەر کۆمەلێك باس کە دەکرا خۆی لێ نەداتو تەواوی ئەم دیالۆگە سیاسییەی لە چوارچیوەی باسی تەعریبدا بهێشتایەتەوەو بە ئارەزوی خۆی لەسەر بنوسیایەو رەخنەی لە بۆچونەکەی من وەك فەردیك یان لە سیاسەتی حزبی بگرتایە. لەمبارەوە من پێشوزای لە تەواوی ئەو باسانە دەکەم لە باسی سیاسەتی تەعریبەوە بگرە تا ئەوباسانەی پەیوەندی نیە بە تەعریبەوە، بە دەوری خۆم وەلامیان پێدەدەمەوە.

## سیاسەتی تەعریبو "عەرەبەهێنراوەکان"!

باسی من لە وتارەکەدا کە چاودێر بلاویکردۆتەوە لە ژمارە 79دا باسی ئینسانیەتو نا ئیسنانی بونی سیاسەتێك یان پراتیکێك نەبوە. لە دنیای ئەمڕۆدا بەداخەوە، پێوانەو مامەڵەی ئینسانی سیاسەت شتێکەو سیاسەت وەك مەیدانێك شتێکی دیکەیە. جا ئەگەر لە دنیای ئەمرۆدا هەموو سیاسەتێك پرنسیبو بەها ئینسانیەکان سایەی بکێشایە بەسەریدا، ئێمە بۆ گفتوگۆو پلمیکێکی سیاسی لەم چەشنەمان توش دەبوو، بۆچی دەرگیری دەیان شەڕو جەنگی قەومیو تائیفی دەبوینو بۆچی تیرۆرو تیرۆریزم بینەقاقای کۆمەڵگای دەگرت. لە نوسینەکەمدا بە ناونیشانی( **دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" نەك کێشەی کەرکوك، چارەسەر ناکات بەلکو قوڵتری دەکاتەوە!** ). ناونیشانەکەو باسەکەی من ڕۆشنە. باسی من باسی کێشەیەکی گرینگی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانو عێراقە. باسی ئەوەیە کە کێشەیەك هەیە، چۆن دەبیت چارەسەر بکرێت؟. وە لەبەرانبەر ئەم کێشەیەدا چۆن چارەسەری جیاواز هەیە. لە نوسینەکەدا نوسیومە" بەلأم ئایا لەڕاستیدا دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" یان جێبەجێکردنی ماددەی 58 کەهەمان ناوەڕۆکی هەیە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك؟! تەنانەت ئەگەر وا فەرز بکەین کە کەرکوك دەگەرێتەوە سەر کوردستان؟! بێگومان نا و بگرە کێشەکە زیاترو زیاتر قولێ دەکاتەوە. **هەروەك چۆن حکومەتی بەعس بەو هەموو توانا سەربازیو جەنگیو ئابوریو سیاسیەوەو بە پالپشتی زیاتر لە 18 وولاتی عەرەبیو ئەوکات بە پشتیوانی وولاتی ڕۆژئاوا و ئەمەریکاش"دۆستانی ئێستای تالەبانیو بارزانی" سیاسەتی تەعریبی پیادەکردو بەزۆرەملێ خێزانە کورد زمانەکانی دەرکرد، نەبوە هۆی ئەوەی ئەم کێشەی چارەسەر بکرێتو ئەمشارە نەبوو وە نەکرا بەشارێکی عەرەبی، بەهەمان شێوە دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" نە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات وە نە ئەم شارە دەکاتە شارێکی کوردی.** بەلأم دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" کۆسپەکە فراوانترو گەورەتر دەکاتەوە، رقو کینەی نەتەوەییو هەوڵدان بۆ تۆلەسەندنەوەی نەتەوەیی لەنێوان خەلکی عێراقدا پەرە پێدەداتو توندتری دەکاتەوە، کوشتن لەسەر پایەی شوناسی نەتەوە هیجگار هێجگار فروانتر دەکاتەوە، دەرکەوتنی کورد زمانەکان لەشارەکانی ناوەراستو باشور زۆر زیاتر لە ئێستا خەتەر ناکاتر دەکاتەوە." ". کەواتە باسی من باسە لەوەی کە کێشەیەك هەیەو چۆن چارەسەری بکەین. ئەمە وەلامێکی سیاسی گونجاوی پێویستە کە بەبالأی کێشەکە گونجاو بێتو کۆتایی بەم ئازارو نەخۆشییە بهێنێت کە هەردوو کۆمەڵگای کوردستانو عێراقی دەرگیرکردوە لەگەلێ خۆیداو مەترسی کەوتنەوەی شەڕێکی گەورەی قەومی لێدەکرێت.

لەمبارەوە کاك ئازاد هیچ شتێك نالێتو پێیوایە سیاسەتێك کە ئەوان گرتویانەتە بەر چارەسەری کۆتاییەو دوایی ئەوە ئیتر ڕیگاکە ئەسفەلتە. باسەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بێتوو ماددەی 58 جێبەجێبکریت، کێشەکە چارەسەر دەکرێت؟ بەجیا لەوەی ئینسانیە یان نا ئینسانیە. من دەلیم نا چارەسەر ناکریتو کێشەکە قولتر دەکاتەوە، هەروەکو چۆن بەعس بە سیاسەتی تەعریب قولتری کردەوە. چونکە بەکورتی لەبەرئەوەی رقو کێنەو گیانی تۆلسەندوەی قەومی بەهیز دەکاتەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو خێزانو کەسانە بەهەر شێوەیەكو بەهەر چۆنێك هاتبن، ئەمڕۆ بەزۆر دەنێردرێنەوە، چونکە مێژوییەك لە رقو کینەی شۆڤێنیزمی عەرەبی زالەو لەبەرانبەریشدا مێژوویەك لە رقو کینەی کوردایەتی، دیاردەیەك کە لە نوسینەکەدا وتومە پێویستە تەعریب ڕیش کێش بکرێت ئەوکارە بەئێمە دەکرێت.... لە هەلومەرجو کاتێکی وادا دەبێت بە وەزعی سیاسیو ئەمنی ئێستای کەرکوك بلێین، جنێفە. ئەوکات ، هەلومەرجی ئێستا کە سیماکەی بریتییە لە:

ڕەشەکوژی بەریوەبەری فەرمانگاگانو ڕەشەکوژی لەسەر بناغەی شوناسنامەی قەومیو تەقینەوەی چەند ئۆتۆمۆبیلێك لە ڕۆژدا و ڕاگواستنی خیزانە کوردەکان لە حەویجەو برودومان بە گوڵە قازیفەو هاوەن بۆ سەر گەرەکانو ئاوارەیی خیزانە کوردەکانو ژیانو گوزەرانیان لە نێو قوڕو لیتاو خێمەی شڕو وڕو یاریگای تۆپی پێداو بێ کارەباو بێ ئاوییو بێ نەوتیو بێ بەنزینی ونەبونی قوتابخانەو کەمی خەستەخانەو فراوانبونی ئاستی بێکاریو نەبونی مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکان لەو گەڕەکانەش کە دەسەلاتداریتی کورد دەسەلاتی هەیەو فراوانبونەوەو قوڵبونەوەی کینەو رقێ قەومیو تەنانەت کینەو رقی تائیفیو بەهیزبونەوەی ئیسلامی سیاسی شیعیو سوننی لەمشارەدا بەهۆی ئەم کێبەرکێی قەومیەوە،... ئەوکاتە خەڵکی کەرکوكو تەواوی ئازادیخوازانی دنیا بەم هەلومەرجە سەختو مەینەتبارەی ئێستا دەڵین "خۆزگە بەپار". چونکە لێشاوی کوشتن لەسەر پایەی شوناسی نەتەوەیی هیجگار فراوانتر دەبێتەوە ئەوکات لە موصلەوە تاکو بەصرە ئێمە شاهیدی کوشتنی کورد زمان دەبین لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبیو هیزەکانیەوە لەلایەن ئیسلامی سیاسی شیعیو سوننیو هێزەکانیەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. لەبەرانبەریشدا شاهیدی کوشتنی عەربە زمانەکان دەبین لەلایەن ناسیونالیزمی کوردو هێزەکانیەوە، ئەوکات چ عەرەب زمانیك جورئەتی ئەوە دەکات بێتە شارەکانی سلێمانیو هەولیر، یان کورد زمانیك بچێتە بەغداو بەصرەوو شارەکانی دیکە. ئەوکات ئەوەی حەرفی" ض " و دەستە خوشکەکانی بۆ نەیەت لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی عەرەبیەوە دەکوژێت، بەهەمان شێوەی ئەوەی پیتی"ژ"و دەستە خوشکەکانی لەزمانی کوردیدا بۆ نەیەت لەلایەن ناسیونالیزمی کوردو هیزەکانیەوە دەکوژرێت. ئەوکات خەڵکی عێراق وە خەڵکی کوردستانو بەتایەبت کەرکوك نازانن کام ناوە لەخۆیان بنێن، چۆن ناوی خۆیان بگۆڕن. ئەگەر "عومەر" بیت ئەوە لەلایەن ئیسلامی سیاسی شیعیەوە دەکوژرێت، ئەگەر "عەلی" بێت، ئەوەیان حەلالی ئیسلامی سیاسی سوننی دەبێت. خۆ ئەگەر "مطك و كاطع و خضير... "بێت ئەوە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە کوشتنی حەلال دەکرێت، خۆ ئەگەریش ناوی "ئازادو سۆرانو بەرزانو ئارام و..." ئەوە کوشتنی لەلایەن هێزەکانی ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی هاوپەیمانیانەوە حەلال دەکرێت. ئەوکات لەسەرەتاوە گەرەکانی کەرکوك هەموو ئەو خیزانو ئینسانانەی کە دەیان ساڵە پیکەوە دەژینو دراوسێ بوون، ناچار دەکرین ڕووی لولەی تفەنگەکانیان بکەنە یەك. ئەوکات لەهیچ کۆلانو گەرەکێکی کەرکوکدا، لە هیچ شارو شارۆچکەیەکی دەوروبەری کەرکوکدا هیچ ئەمنیەتو ئارامیو حەوانەوەیەك نامێنێت بۆهیچ کەسێك. ئەمە ئەو ڕاستیانەیە کە هەر ئێستا پێشەکیو پرۆڤەکانی بەڕۆشنی نیشانی دەدەن کە ئیمە لەگەل چ کارەساتێکدا ڕوبەڕودەبینەوە، لەکاتی دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکاندا". بۆیە بە گریمانی جێبەجێکردنی ماددەی 58 یش هێشتا کێشەکە لە شوێنی خۆی باقییە، ئەگەر چی ناسیونالیزمی خۆی بەشێوەیەکی کاتی بەمەرامی خۆی دەگات، بەلاّم کێشەکە نەك چارەسەر نەکراوە بەڵکو بەشێوەیەکی فراوتر لەهەلومەرجێکی دیکەدا سەرهەڵدەداتەوە. کەواتە کێشەکە چارەسەر نەکرا بەلکۆ بەپێچەوانە زەمینەی سەرهەڵدانەوەو قوڵبونەوەی بەشێوەیەکی ترو لەهەڵومەرجیکی تردا رەخساندەوە. لەمبارەوە خوێنەرانی چاودێر هیچ نابیستن لە کاك ئازاد.

باسی من "سیاسەتی تەعریبە" باسی کاك ئازادو چاودێر شەخسی خێزانە عەرەبە هێنراوەکانە، باسی من بنەبڕکردنو فەوتاندنی میکرۆبەکەیە( کەبیروباوەڕو سیاسەتو نەهجی ناسیونالیزمی عەرەبی بەعسە) باسی کاك ئازاد کوشتنی ئەو ئینسانانەیە کە هەڵگری میکرۆبەکەنو ڕەهاکردنی میکرۆبەکەیە لەهەوایەکی ئازاد دا. باسی من باسی چارەسەری کێشەیە بەلام باسی چاودێرو کاك ئازاد باسە لە تەعریب لەکاتی "فتوحاتی یەکەمەوە". لای کاك ئازادو چاودیر دەبێت بلێن" خەلیفە ماوە" چونکە نەتەوە لایان دیاردەیەکی ئەزلیو سروشتیەو هەر لەدێر زەمانو لە پێش مێژوە هەبوە پەیوەندی هەیە بە ڕەچەلەكو نەژادەوە. باسی من باسە لەوەی کە خەڵکی کوردستان وەخەڵکی کەرکوكو کوردزمانەکانی کەرکوك چۆن دور بخەینەوە لەشەرو کێشە، لە نەهامەتیو دەربەدەری، لەژیانی سەختو ئاوارەیی، کەچی لای کاك ئازاد باسەکە ئەوەیە کە نەتەوەی کوردو نەژادەکەی لەکوێوە هاتوەو چۆن دەگەرێتەوە بۆ "بنی دنیا"و هەر ئەوە ماوە لە خاڵی پشکنینەکان لایبرۆتۆری دابنێن بۆ فەحصی کرۆمۆسۆمو جینەکان!! بۆئەوەی کاك ئازاد باسەکەی بسەلمێنێت! بەلاّم ئەمکارەیان زۆر دەکەوێت لەسەر بودجەگەیان.

ئەم سیاسەتەی کە دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد لەسایەی هەلومەرجی داڕوخاوی ئێستای عێراقدا پیادەی دەکات سەبارەت بەکێشەی کەرکوك یەکێك لەگەورەترین ئەو کارەساتو قاتو قڕیانە دەبێت کە تا ئێستا ناسیونالیزمی کورد نە لە ئاش بەتاڵو نە لە 31 ئابو نە لەشەری ناوخۆدا بە سەر خەڵکی کوردستانیدا نەهێناوەو هەموو ئەوکارەساتانە لەچاو ئەوەی کە دێتە پێشەوە زۆر بچوك دەبنەوە.

سەیر ئەوەیە دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کوردو پەرلەمانەکەیان کە بەئارەزوی خۆیان ئەندامەکانی دەگۆڕن، ئەم ماددەی 58 یان کردۆتە مژدەو خۆشی بۆ خەلکی کوردستانو کورد زمانەکانی شاری کەرکوكو دەوروبەری. ئەوان هەمیشە لەسایەی دامێن دڕانو قیژەو

هاواری "نەتەوەی بەرانبەردا" شایی و لۆغانیان بوە. ئەوان قەتل و عامەکانی جەنگی کەنداویان بە مژدەی رزگاری خەلك لەقەڵەم دا. بۆردومانی شارەکانی عێراق و ئابلوقەی ئابوری سەر خەڵکە بەش مەینەت و سەرکوتکراوەکەی ژێر دەسەلاتی ناسیونالیزمی بەعس، بۆ ئەمان دەرمانی چاك بونەوەو خۆ گەورە کردن و نەش ونوما بوو. ئێستاش بەهەمان شێوە دەلێن ئەگەر کەرکوگ " عەرەبە هێنراوەکانی" لێدەربکرێت ئەوا ئیتر مەپرسە خەلکی کەرکوك و کوردستان لەچ خۆشی و شادییەکدا دەبن!. مەگەر خەلکی سلێمانی و دهۆك و هەولێر، چەند ساڵە چیان بینوە، چەند ساڵە لەسایەی ئەم دەسەلاتدارانەدا چیان بۆ کراوە؟! ئەوەنیە رۆژ بەرۆژ کارەبایان بۆ کەم دەکرێتەوە، ئەوەنیە رۆژ بەرۆژی گرانی‌بینەقاقای گرتوون، ئەوەنیە گوللە باران دەکرین و کاك ئازادبیش تەئیدی گوللە کانیان دەکات، ئەی ئەوەنیە هێشتا ماددەکەیان بۆ جێبەجێنەکراوەو "عەرەبە هێنراوە"کانیان بۆ دەرنەکراوە کەچی خەلکی کورد زمانی شۆرجە لەمانگی12 ی ساڵی پاردا گوللە باران دەکەن چونکە دەلین نابیت بەنزین گران بێت، ئەوەنیە خەڵکی رەحیماوا گوللە باران دەکەن! ئاخۆ ئەگەر ماددەکەیان بۆ جێبەجێبکرێت، دەبێت چی بکەن؟!. ئەوەنیە، سالانە تەنها لەهەولێر نزیك بە 2000ژن بەس خۆی دەسوتێنیت ئەمە جگە لە خۆکوژی بەشیوەکانی دیکەو جگە لەشارەکانی دیکە. ئەوەنیە، خەلك ناچارە دوو تا سێ جۆر کار بکات بۆ ئەوەی بژی و کرێخانوەکەی بدات و بەرپرسان و سەرکردەی حزبەکانیش، چەندین بەهەشتاواو فرعەوناوایان کردۆتەوە. بە پاتەی لاسیك و ئەدیداسی قوڕاوییەوە هاتنەوە کەچی ئێستا بچوکەکەیان خاوەنی ملیۆنەها دۆلارە کە پێشیان دەلێن " ئەمەتان لەکوێ بوو؟" گوللەبارانیان دەکەن لەهەڵەبجەوە تاکو ئاکرێ لە کەرکوکەوە تاکو سلێمانی.... ئەمە بەشیکی کورتی ئەو ژیانەیە کە خەلکی کوردستان تیایدا دەژی. خۆ وەزعی حزبەکانی هاوپەیمانی بن دەستی ئەم دەسەلاتدارانە لەوە باشتر نیەو فەرمون دیسان با قسەکەی محمەدی حاجی محمود بهێنینەوە لە چاوپیکەوتنی‌دا لەگەڵ " ڕادیۆی هاوپشتی" کە دەلێت " لە ترسا و لەبرسا" بێدەنگین لە بەرانبەر گەندەڵیدا، کاك ئازاد ئەمەشی ناوناوە "ئازادی"... ئەوەی کاك ئازادو چاودیر باسی ناکەن باسی چارەسەری کێشەی کەرکوکە. بەڵام کێشەی کەرکوك لەچوارچیوەی ئەم ماددەیەو ئەم هێزانەی ئێستای عیراق بەرێوەدەبەن بەئیسلامی سیاسی و نەوعەکانی و قەومیەکان و نەوعەکانیەوە، دەلێم نەك چارەسەر ناکریت بەلکو هەروەکو وتم نەهامەتیەکی گەورەترە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

باسەکانی دیکەی کاك ئازاد، لەپەیوەند بە ئایدۆلۆژیەت و سیاسەت، ناسیونالیزمی رزگاریخوازو دیموکراسی و باسی کوشتنی ژنان و یاسا و گەیشتن بەدەسەڵات و باسی نەتەوە.... لە بەشەکانی دیکەدا باسیان دەکەم لەژێر ناونیشانێکی دیکەدا.